هەرکەسێک بڵێت: (لا إله إلا الله والله أكبر)، پەروەردگاری قسەکانی بەڕاست دادەنێت ودەفەرموێت:(لا إله إلا أنا وأنا أكبر)

لە ئەبی سەعید وئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- بیستوویانە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بڵێت: (لا إله إلا الله والله أكبر)*. پەروەردگاری قسەکانی بەڕاست دادەنێت (دووپاتیدەکاتەوە) ودەفەرموێت:(لا إله إلا أنا وأنا أكبر)**، وئەگەر (بەندەکە) بڵێت: (لا إله إلا الله وحده لا شريك له)^، (پەروەردگار) دەفەرموێت: (لا إله إلا أنا وَحدِي لا شريك لي)^^. وئەگەر (بەندەکە) بڵێت: (لا إله إلا الله له الملك وله الحمد)~، (پەروەردگار) دەفەرموێت: (لا إله إلا أنا لي الملك ولي الحمد)~~. وئەگەر (بەندەکە) بڵێت: (لا إله إلا الله ولا حول ولا قوة إلا بالله)"، (پەروەردگار) دەفەرموێت: (لا إله إلا أنا ولا حول ولا قوة إلا بي)""»، و-صلى الله عليه وسلم- دەیفەرموو: «هەکەسێک لە کاتی نەخۆشبوونیدا بیڵێت وپاشان بمرێت؛ ئەوا دۆزەخ نایخوات (نایسووتێنێت)». *(واتە: هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە اللە، وخودا لە هەموو شتێک گەورە تری)، **(هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە من، ومن لە هەموو شتێک گەورەترم)، ^(هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە اللە؛ خودا تاکە وتەنهایە وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە)، ^^(هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە من، خودا تاکە وتەنهام وهیچ شەریک وهاوبەشێکم نییە)، ~(هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە اللە؛ هەموو مۆڵک وخاوەندارێتی وحەمد وسوپاسێک هەر تەنها بۆ ئەوە)، ~~(هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە من؛ هەموو مۆڵک وخاوەندارێتی وحەمد وسوپاسێک هەر تەنها بۆ منە)، "(هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە اللە؛ وهیچ هێز وتوانایەکمان نییە مەگەر پاش یارمەتی خودا نەبێت)، ""(هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە من؛ وهیچ هێز وتوانایەکمان نییە مەگەر پاش یارمەتی من نەبێت

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: ئەگەر بەندە زیکر ویادی خودا بکات ئەوا پەروەردگاری قسەکانی بەڕاست دادەنێت (دووپاتیدەکاتەوە)، ئەگەر بەندە بڵێت: (لا إله إلا الله والله أكبر)*، ئەوا خوای گەورە دەفەرموێت:(لا إله إلا أنا وأنا أكبر)**، وئەگەر بەندە بڵێت: (لا إله إلا الله وحده لا شريك له)^، پەروەردگار دەفەرموێت: (لا إله إلا أنا وَحدِي لا شريك لي)^^. بەو شێوەیە بۆ هەموو زیکرەکانی تر، خوای گەورە قسە وزیکرەکانی بەڕاست دادەنێت، ئەگەر کەسێک لە کاتی نەخۆشبوونیدا ئەم زیکرانە بڵێت وپاشان بمرێت؛ ئەوا دۆزەخ نایخوات (نایسووتێنێت)، واتا ووتنی ئەم زیکرانە هۆکارە هۆکاری حەرامبوونی لاشەی مرۆڤە لەسەر ئاگری دۆزەخ، بۆیە پێویستە مرۆڤ ئەم زیکرانە لەبەر بکات وبەردەوام بیانخوێنێت بە تایبەتی لە کاتی نەخۆشیدا، بۆئەوەی کۆتا ساتەکانی ژیانی لەسەر خێر بێت بە ویستی خوای گەورە -إن شاء الله-. *(واتە: هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە اللە، وخودا لە هەموو شتێک گەورە تری)، **(هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە من، ومن لە هەموو شتێک گەورەترم)، ^(هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە اللە؛ خودا تاکە وتەنهایە وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە)، ^^(هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە من، خودا تاکە وتەنهام وهیچ شەریک وهاوبەشێکم نییە)